# گفتوگۆی سەیدصادق نێت لە گەڵ(خاتوو شەهێن موحەمەدی) بە رپرسی ئەنجومەنی ژنانی مەریوان

- ئە نجومەنی ژنانی مەریوان لە ساڵی چەندەوە دامەزراوەو بیرۆکەی کێ بوو؟

❖ لە١٣٧٩کوچی هەتاوی دەستی بەکار کردووە لە١٣٨١ بە شێوەی یاسایی ڕێگەی پێدراوە ( شەهێن محمدی ) بەیارمەتی چەن ژن و پیاوی ڕوناکبیر بیرۆکەی ئەم ئە نجومەنە رسکاوە.


شەهێن موحەمەدی

- ستافی ئە نجومەن لە چەند کەس پێکهاتووە ؟

❖ بە پێی ڕێسای کارکردن دەستەی بەڕێوە بەرایەتی ئە نجومەن پێکهاتووە لە( ٥ ) کەس کەدەتوانین یەکیان هەڵبژێرن لەناو خۆیان بۆبەڕێوە بردنی ئەرکەکان .

- ئایا ئە نجومەن لە بەرامبەر کێشەکانی ژنانی مەریواندا چ ئەرکێکی لەسەر شانە و تا چەند ژنان و کچانی ئەو شارە هاتوون بەدەم ڕێنماییەکانتانەوە؟

❖ لەگەڵ ئەوەی کێشەی ژنان لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا گەلێکن وبەدەمەوەهاتنی سەرجەم ئەو گرفتانە پێویستی بەڕێکخراوێکی زۆر دەوڵەمەند لەبواری دارایی وئابوری هەیە ، دەتوانم بڵێم ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان وتوانامان ئەرکی ڕێکخراومان بەجێهێناوە . لەوانە بەگیر کردن ولەهەڵهاتنی وسوتاندنی ژنان لەڕێگەی ڕاوێژەوە . وەهۆشیار کردنەوەی ژنان لەبەرامبەر کێ کردن لەگەڵ مافەکانیان وەژنانی شارەکەیش تائەوڕادەیەیکەئاگاداری کارەکانی ئێمە بوبێت هاتون بەدەم ڕێنمایەکانی ئێمەوە ، بەجۆرێك کەئەندامانی ئێمە لە ١٠ساڵەوە تا ٦٥ ساڵی لێیە .

- کارو چالاکیەکانی ئێوە بریتی یە لەچی و ئاماژە بە چەند چالاکیەکتان بدەن ؟

❖ دابین کردنی کۆرسی فێرکاری لەبواره جیاوازەکانی وەك ( مافی فەرهەنگی ڕوبەڕوبونەوەی توندو تیژی ژنان .دانانی سایتێکی تایبەت بۆ ئە نجومەن. پێکەوەنانی کتێبخانە . ژوری گفتوگۆی گرفتەکان . بەڕێوە بردنی سمیناری فەرهەنگی و هەنەری و وەرزشی . ناساندنی ئافرەتانی ڕوناك بیری مەریوان . ڕێزگرتن لەڕۆژی جیهانی ژن ، دابین کردنی دەرفەت بۆ دیالۆگ و راگۆڕینەوە و... ).

- ئایا حوکمەتی ئێران هیچ گرفتێکی بۆ دروست نەکردوون ,ئەگەر نا ئەی تا چەند بە دەم داواکانتانەوە هاتووە؟

❖ بەداخەوە فەلسەفەی N GO کان لەئێران لای هەموو ڕوناك بیرێك ڕوون وئاشکرایە .بەتایبەت ئەگەر ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە تایبەت و پابەند بێت بەکاری ژنانەوە . ئەوا کێشەکەی چ لەلایەن دەوڵەت و چ خەڵکان دوو بەرابەرە . دیارە ئێمە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتین، خاوەن ویست و رەوتی تایبەت بە خۆمانین. ئەمەش لە کەش و هەوایەکی هەموار و سافدا نارەخسێ . بە تایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. هەڵوێستەکان بە پێی بەرنامە و کارەکانی ئێمە نایەکجۆر و نایەکسانن. بەڵام ئێمە بڕوامان بە کاری خۆکان هەیە و بەردەوامین. ئێمە ئیجازەی ڕەسمیمان پێدراوە و هەوڵ ئەدەین بە پێی یاسا کار بکەین .بەلام بە داخەوە ١ ساڵی تەواوە ڕێگەی چالاکی ڕەسمی و یاسییمان لێگیراوە

- ئە نجومەن هاوکاری مادی لە کوێوە وەردەگرێت؟ئایا ئەو هاوکاری پێویستی یەکانی ئێوە دابین دەکات؟

❖ ئێمە تەنیا لەڕێگەی مافی بەشدار بوونەوەو وەکۆمەکی خەڵکانی خێر خوازەوە پێشتر چەند جاریش لەلایەن شورای شارەوە هاوکاری دارای کراوین ئەو هاوکاریانەش زۆر کەمن و توانای ڕێکخستنی کارەکانی ئێمەی نی یە بەلام دەتوانم دان بەوەدا بنێم لەساڵی ٧٩ تا ئێستە زیاتر لەتوانای دارا یمان ئەرکی مرۆڤانەی خۆمان جێ بەجێ کردووە ویژدانی خۆمان پێ ئاسودەکردووە .

- **بەڕێزتان وەك بەرپرسی ئە نجومەنی ژنانی مەریوان چ ئەرکێکتان لەسەر شانە؟**

❖ **من تائەو جێگەیەی توانیبێتم لەبواری مادی ومەعنەوی یەوە هەوڵم داوە ئەم ڕێکخراوە وئەرکەکانی بەکۆمەڵگەکەمان بنا سێنم وەکەسانی شایستەو کارامە بۆناو کارەکە پەلکێش بکەم وهامشۆی ئە نجومەنەکانی تر ژنانی ئێرانم کردووە بۆوەرگرتنی ئەم ڕێکخراوە ، هەرچەند دەمەوێت دان بەوەدا بنێم لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ئەزمەنی ئەوتۆمان نەبوو ڕوبەڕوی گرفتی زۆر بوینەوە و هەر ئەم کێشانەش بوونە هۆی ئەوە ئەزمونێکی باش پیدا بکەین .**

- **بەرنامەی ئایندەتان چی یە ؟**

❖ **ئێمە بەرنامەکانمان بە پێی راوێژ و وردبوونەوە دادەڕێژین. پێداویستیە هەنووکەییەکان هەڵ ئەسەنگێنین. بەڵام هەوڵ سەرەکی ئێمە ئاگادار کردنەوە و بردنە سەرەوەی ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری ژنانە. ئاشنا کردنیانە بە مافە نەتەوەیی و مرۆڤانیەکانیان. ئێمە لە سەر ئەو قەناعەتەین کە تا ژنانی بە توانا و ڕۆشنبیر پێنەگەن کۆمەڵی ئێمە چارەسەری دەردەکانی ناکات.**

**بەرنامەی ئێمە لە سەر دژایەتی و بەگژاچوون دانەمەزراوە، بەڵکوو باوەڕمان بە وت و وێژ و دیالۆگ هەیە. پێمان باشە بۆ چارەسەرکردنی دەردەکانمان هاوکاری بکەینە پیشە.**